هۆنراوە

# هێلانەی نوغرۆ

عارف عومەر گوڵ

کەرکووک

هۆنراوە

# هێلانەی نوغرۆ !

مارف عومەر گوڵ

کەرکوك
١٩٨٥

---

چاپخانەی " الحوادث "
بەغدا - ١٩٨٥

## دوو سەرنج :

- زۆربەی ئەم هۆنراوانە لە گۆڤار و رۆژنامەکانا بڵاوکراونەتەوە، وەکو (نووسەری کورد، رۆژی کوردستان، بەیان، پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵ، هاوکاری، بیری نوێ، پاشکۆی عێراق، نێرگز، کاروان).
- لە کاتی نوسینەوەی هۆنراوەکاندا هەندێ وورده دەسکاریم کردووون بەو جۆرەی کە لە ناوەڕۆك و مەبەستیان نەگۆڕێت.


- هێلانەی نوغرۆ
- هۆنراوە
- مارف عمر گوڵ
- چاپی یەکەم ١٩٨٥
- چوار هەزار دانە

## تۆ ..

## لە لەپی دەستما دەبینم !

من دەتبینم ،
لە جوغزی وێڵیی خۆما سەر دەنێمە لەپی دەستم
تۆ دەبینم سەر دەکەیتە سەر سینەم و نامدوێنی
گوزەر دەکەی
نەرمە هەنگاوت هەموو باسێکی پێ یەو
تاقە هەواڵێکی تیژ ڕەو بە گوێ ی منا ناچرپێنی
بمدوێنە ،
ئەگەر تۆ هێلانەی دڵم نەبی
ئەی کێ باوەش بۆ تەنیاییم دەگرێتەوە !
گەر تۆ نەبی
کێ دەڵێ تاقە خۆشەویستێکم هەیە و
دڵەکەم لە سۆنگەی ئەوا دەخولێتەوە ؟
بمدوێنە .. دڵ نامرێ
خۆ ئەگەر تۆش نەدەن بە من
هەر دڵەکەم تەنیا بۆ تۆ گوڵ دەگرێ .
من دەتبینم ،
سەر دەنێمە ئاوێنەی لەپی دەستم
لەم دوورەوە
دڵم لاتەو دەس لە ملی بالاّت دەکەم
بۆت دەگریم ..
کە بۆت دەگریم ، ناگریم
گیانی تینووم لە بەر بالاّی پڕ ئەوینی تۆ ڕادەخەم
کە دەتبینم چەند مەزنی .. هێندەی گەورەیی تۆ
دەنگی بەرزم دەگاتە ئەو خێڵە ،

هەگبەی هەواڵی ئەو گەرمەسێرە بە تۆ دەڵێ
چۆن دەتوانم ناوت نەبەم
کاتێ پێ بە دڵما دەنێن ؟!
ناوت دەبەم
بە خۆم دەڵێم .. بە خۆت دەڵێم
ناوی هەموو لوتکەو خەرەندێکت بە گشت دونیا دەڵێم
تووڕە دەبم .. سەر دەنێمە لەپی دەستم
تووڕەییم دەبێتە دەنگی بیرم .

بەغدا ٦/ ٩٧٦

# خۆت لێڵ مەکە

پەنا بۆ کوێ .. بۆ کوێ بەرم ؟!
لە تۆ زیاتر کام بەرکۆژە
حەز و تاسەم دەلاوێنێ ؟
نیگات نەبێ .. کام نیگایە
خەمەکانم دەگرێنێ ؟
بۆ نازانی ڕۆژی چەند جار عیشقم تۆ لەباوەش دەگرێ و
سۆزم بەسەر پرچەکەتا دەبارێنێ ؟
خۆت لێڵ مەکە ..
خۆ تۆ ئاسمانی روبارێکی ، خەم لە گەڵ خۆیا دەبات
ئەی ئاسمانە پڕ ئەستێرە دەنگدارەکان ،
تۆ بێ بزانە ئەم روبارە بەرەو کوێ ڕێگا دەگرێ ؟
تۆ بێ بزانە ئەم روبارە دەنگی شەپۆلەکانی
بە نەمام و چڵی درەختی ڕۆخی خۆی دەگەیەنێ ،
ئاسمان چۆن و کەی دەتوانێ روباری خۆی جێ بهێڵێ ؟!
پاڵ بەو تەم و تارماییانەوە بنێ
روناکایی لە روبار و ئاسمان دەگرن .

❋ ❋ ❋

پێکەنینم مەتۆرێنە ،
چەپکێ نێرگز بگرە دەست و ڕووی خۆت بە لای منەوە کە
دڵم لەت لەت بکە و بیکە بە گەردانەو بیکە ملت ،
گیانم دەرکە ،
بیدە بە دەس ئاوارەیەکی ئەم خاکە و
با بیخواو تێر تێر پێکەنێ !

❋ ❋ ❋

وەکو درەخت هەموو جارێ
لە بەر چاوم سەوز دەبێ و هەڵدەوەرێی

وا دیارە کە ئەمساڵ پرچەکەت گەڵایە و
لە سێبەریا ،
هەناسە شێت و توورەکەم ئارام دەگرێ
کە من دێمە دیدەنیی تۆ
وا لە بەرگی خەمباریدا پێدەکەنم
پێکەنینم مەتۆرێنە ..
چاوەکانی تۆم خۆشدەوێ چونکە پڕن لە هۆنراوە
خۆ هۆنراوەش ئەگەر شەوێ نەیەتە لام
چاوانی تۆ میوانمن !

❋ ❋ ❋

دەزانی بەیانییەك ویستم نامەیەکت بۆ بنوسم
هەموو وشەکانی بوونە گۆرانی لە ژێر نووکی قەڵەمەکەما !
بە سەر سەوزایی باڵاتا
هاتن ماچیان کردی و
منیان خستە سەما !

❋ ❋ ❋

بۆ نامدوێنی .. بۆچی جار جار
پەنجەت بەسەر دڵما دێنی و بێدەنگ دەبی ؟!
لە بێدەنگی من مەترسە
کاتێ کەوا بێدەنگ دەبم
عەشق و خەمێ دەگرمە کۆڵ
مەگەر — سەیوان — توانیبێتی
ئەژنۆی لەبەریا نەلەرزێ و
شەکەت نەبێ و چۆك دانەدا .

❋ ❋ ❋

نەء ، سڵ ناکەم
وەك ڕوبارێکی سەرشێتم
هەر گۆرانی بۆ تۆ دەڵێم

تۆ چی دەڵێ ی ؟
من دەمەوێ ئاگر لەو شەوگارە بەردەم
چاوانی تۆم لێ ون دەکا
ئەو دەستانە بشکێنم
دڵی منت لێ وێڵ دەکەن
دە چی دەڵێی ؟
بێدەنگ مەبەو تف لە چارەی تاریکیی کە ،
با پێکەوە سەر بنێنە سینگی یەکدی و
شیعر بڵێین بۆ ئەو شاخە

❋ ❋ ❋

ئەگەر ڕقت لێمەو ناتەوێ من بێم و بتدوێنم
ئەو شیعرەی بۆ وڵاتەکەمم نوسیوە
پێ ی پیا بنێ ،
با جگەرم هەڵبقرچێ
ئەوسا منیش ،
دڵم لە تۆ دەڕەنجێنم .

**کەرکوک**
**بەهاری ١٩٨٧**

# دووكەڵ و هێشوو

دڵم تەنگ بێ .. هێدی هێدی
من دووكەڵی جگەرەكەم
هەموو دەكەم بە ڕووی خۆما
وا تێنەگەی دڵم پەست بێ
ئەم دووكەڵە دەمخنكێنێ
گریام ، گریام .. تێر تێر گریام
دڵۆپە فرمێسكم چووە
خاكی تینووی نەمامێك و
پاش چەند ساڵێك
بووە هێشووی بەر گەردنی .

بەغدا / ٩٨٧

## له کویێ ی ..

## من شه‌وان سۆز ده‌مگرێ

● له کوێ ی ئێستا ؟!
وا دیاره گیانت دووکه‌ڵی ،
سووتانی چه‌ند ساڵه‌ی ته‌مه‌نی خۆی به با ده‌دا
ئه‌وه هه‌نگاوی شه‌وی تارم ، له لای تۆ
ده‌بێ به تریفه‌ی مانگه‌شه‌وی زیوین
تۆش بینت به — ڕۆخانه (*)— وه ده‌نێ ی .. تێر ئاو نابی
شانی خۆت ده‌ده‌یته به‌ر قورسایی کاروانێك و
هیلاك نابیت ،
پێده‌که‌نیت ،
لێره کۆمه‌ڵه ئێسقانیش ده‌گری !
پێده‌که‌نی و توند ئازاری گیانت ده‌ده‌ن
چی ئازاری گیانت ده‌دات ؟!
چه‌ند په‌نجه‌یه‌کی دڕه
یا شه‌وه زه‌نگێکی چڕه
خۆی له گیانت ده‌ئاڵێنێ ؟!

+ به کچه هاوڕێکه‌ت بڵێ :
بۆ ده‌بێته په‌یکه‌رێکی داتاشراوو
خۆی له ژانی تووڕه‌ی ، ئا ئه‌م خه‌ڵکه ناگه‌یه‌نێ ؟!
● پێم وتوه ..
پێم وتوه ، که من شه‌وان
سۆز ده‌مگرێ و تا به‌یانی
شان و باڵ و جه‌سته‌م
بۆ گشت دڵه کۆست که‌وتووه‌کان ڕاده‌خه‌م .

**به‌غدا ٤/ ٩٧٨**

---

( * ) ڕۆخانه : روبارێکه له ده‌ربه‌ند باسته‌ڕه‌وه سه‌ره‌و خوار ده‌بێته‌وه بۆ گه‌رمیان . (باسه‌ڕه)شی پێ ده‌ڵێن.

# تۆ دایکمی ..
# ئەی وڵاتە شیرینەکەم

بینم نایە سەرچاوەی کانییەکی دەم کەژێکتەوە
تێر ئاو نەبووم
شانم دا لە قەتارەی کاروانی دوورت
تێر گریان و خەندە نەبووم
کە بینم نا بە خۆشەویستی قوڵتەوە
بوومە بولبول و لە بەر نەرمە بارانی پایزانتا
پەلکەزێڕینەی بەهارم کردە هەردوو باڵی خۆم و
فێری گەشت و یاڵەویاڵ بووم
کە فێری یاڵەویاڵێش بووم
تۆ نەبوایەی گڕو گاڵم نەدەزانی
ئەگەر خەمی تۆم نەبوایە
نەمدەزانی پێکەنین و گریان چی یە .

* ● *

کە بینم نا بە خۆشەویستیی قوڵتەوە
بوومە بولبول و لەبەر نەرمە بارانی پایزانتا
پەلکەزێڕینەی بەهارم کردە هەردوو باڵی خۆم و
فێری گەشت و یاڵەو یاڵ بووم .
کێ دەزانێ لە گەشتمدا
من ئاسمانی ئەم وڵاتە تەی دەکەم و
هەموو نامە خەمبارەکان
دەگەیەنم بە بناری گشت لوتکەکان ؟!
ئەی لوتکەکان ،
خۆ دڵی من نیشتمانی کارەساتە و
لە ژێر کەزی و بسکی هەتاوی ئێوەدا ئۆقرە دەگرێ
ئەو هەتاوەش بەسەر چاوما دادەهێنم .

* ● *

نەت بیستوە خەڵکی دەڵێن :
ئەگەر منداڵ دایکی نەبێ ،
کەس ناتوانێ بە بێ ئازار بەخێوی کا و
فێری ئەوین و سۆزی کا !
من دایکمم هەر نەدیوە
بەڵام خۆشەویستیی خاکێ
پێ ی گەیاندم ،
گڕی ژانی ، دڵی ئارامی هەژاندم
هەموو شەوێ دەست و پەنجەم دەئاڵێتە
دەست و پەنجەی گەنجەکانی
تا بەیانی خەومان لەبیر دەچێتەوە و
هەموو سەرچۆپی بۆ دەگرین
بۆ بەیانی .
ئەی وڵاتە شیرینەکەم
(( لە منداڵیمەوە ئازار
لە سەر زارم دەناڵێنێ و
خەندە و خۆشیش لە سینەمدا کپ کەوتوە )) (*)
من دایکمم هەر نەدیوە
تۆ دایکمی .

**بەغدا**
**سەرەتای هاوینی ١٩٧٨**

---

* ئەو سێ دێڕەی ناو کەوانەکە شیعری پاپلۆ نیرۆدا یە .

## خەنەبەندان

دڵم خاکێکی زۆر فراوانە
پڕیە لە شاخ و لە بولبول و کەو
دڵم سەرچاوەی ئاوێکی ڕوونە
کرێوەو سەرمای زستان نایگاتێ
هەر چوار وەرزی ساڵ
لە ئەو خاکەدا ، خەنەبەندانە
بۆ ئەو وەرزەی وا ،
شەوو ڕۆژ تیایدا ، هەر گوڵبارانە .

**کەرکوک**
**١٩٧٨/٩/٢٦**

# ئاسمانی خاك

بۆ (( ع ))

له شەقامی ئەم شارە بێ سروەیەدا
خەمی شاخی دوور و تینوت لە كۆڵایە و
سواری ئەسپی مەرگ بوویتە
نیازت وایە دوور دوور بڕۆی ،
بۆچی دەڕۆی ؟!
لە دامێنی ئەم ئاگرە تووڕەیەدا جێم مەهێڵە
نەوەك منیش هەڵپڕوكێم
جارێكی تر ئاسمانی خاك تەم دایگرێ
باڵداری گشت لێ بتەرێ ،
دەتۆ مەڕۆ
(( من ئاسمانی بێ باڵدارم قەت نەدیوە [*] ))

بەغدا ۹۸۷/۱۰

---

(* ) ئەو دێڕەی ناو كەوانەكە لە نوسینێكی – عبدالكریم دەشتی – شاعیرەوە وەرم گرتووە .

## راچەنینیٚ بەرەو هەوار

● ئەوا شەوە بۆچی نانوی ؟!
* لە کووچەی ئەم شارە سارد و شێواوەدا
نانووم .. نانووم
لە تویٚ ی تیشکی سەرنجمەوە
سوارێك دیارە ، وا بەشانی شاخێکەوە
پەساپۆرتی عەشقی پیٚ یە و
هەناسەکەی پڕ ئەستێرەی ورشەدارە
کێوی ڕاچەنیوی هەستی
سنوورەکان تێك دەشکێنیٚ
لە تەکانیا ،
گشت هەورازیٚ جیٚ دەمێنیٚ .

* ● *

ئا لەم بەفرەبارانەدا
(( خزم و قەومی خۆمم جیٚ هێشت
لە دەشتەکەی شاروێرانی
کەوتوومەتە دوای تاقەیار
قەت ناکێشم پەشیمانی )) (*)
تۆش بەڕێوەی ،
لە گێژەن و لە دەریای مەنگ مەپەڕەوە
دێم و باسکم بکەرە پرد
تا دێیتەوە هەواری خۆت
تادێیتەوە بەر سێبەری درەختی گویٚ روباری خۆت .

**بەغدا ۹۷۸/۱۱**

(* ) ئەو دێڕانەی ناو کەوانەکان فۆلکلۆرن و لە گۆرانی یەکی — محەمەدی ماملیٚ — وە وەرم گرتوون . لە بەر کێشی هۆنراوەکە دەسکاریی کێشیانم کردووە .

# دوو دیمەنی ژوورەکەم

-١-

سەرهەڵگرتوی جیهانێکی پڕ ئاژاوەم
لەم ژوورەدا
نیوەشەویش خەو ناچێتە چاوەکانم
گلۆڵەی گشت یادەکانم دەکرێتەوەو
داو داو دەئاڵێتە سەرم .

-٢-

لەم ژوورە بێ هەتاوەدا
گەردی دونیا نیشتۆتە ڕووم
لەبەر ئاوێنە لێڵ و تەماویەکەما
دەئاڵێمە پرچی خۆم و
من هەر جارەی بە لایەکا دایدەهێنم
هەموو رۆژێ ڕیشەی خەمم هەڵدەکێشم
شەوان دیسان دێتەوە لام ،
ئای کە ڕقم لەم ژوورەیە .. وەرن بۆ لام
من تاقێکی گەلێ گەورە دەکەمەوە
ئێوەش پەنجەرەیەك بێنن
با هەتاوی لێوە بێت و
هەرچی خەمی ژوورەکەمە بیسوتێنێ .

**بەغدا – شەقامی مەغریب**

**زستانی ٩٧٨**

# سەوزەڵان

**بۆ هاوڕێ یەکی شاعیر -**

لوتکەی شاخت دەپەرست ، بەردە بارانیان کردی
لە بەر پڕووشە بەفری ئەو کوێستانە هەوارەی
تەمەنی تینووی خۆتا ،
سەرکەوتیتە ترۆپکی سەگرمەی سەخت و بڵند
ڕەشەبایەکی زۆر تووش فڕێی دایتە خوارەوە
هێشتا هەر ڕانەوەستاوی ، ڕێگای پردی سوورت گرت
تا لێی نەپەریتەوە ، دڵت ئارامی نەگرت ،
لە ڕێ دا چاوت پڕ بوو لە فرمێسك و گەرد و تۆز
کەوتیتە دوای هەنگاوی گشت پۆلە کیژۆڵانی
بنار شاخ و گوندەکان
هەنگاو هەنگاو دەگەڕای ، بۆ ئاوی ڕوونی کانی .

* ● *

ئەو درەختەی کە شیعری ئەوینی بۆ دەنووسی
لە باوەشمدا ڕەگی بەهێزی داکوتاوە
من و تۆش سەوزەڵانی چوار وەرزی نیشتمانین
ئا لەم زەوی یە زوورگەدا ،
بۆیە تریفەی حەزمان وا بە بەر شنەباوە .

* ● *

حەزت نمەی بارانە
عەشقت نمەی بارانە
شیعرت نمەی بارانە
دەبارێنە سەر گیانی گەڵای داری پایزی
دەم ڕوبارێکی هێمن
دەبارێنە سەر گیانی دڵدارێکی هەمیشە و
دەبنە دونیای پێکەنین .

**کەرکوك ١٢/٩٧٨**

# گوێم لە هاژەی ئەو چەمەیە

شانم بە شانی ئازای تۆوەیە
خۆ تۆش سەرسەختی و باسی چەمێکی دوورم بۆ دەکەی
منیش وەکو تۆ ئاگری عەشق وا هەڵیگرتووم
سەرم دەدەمە دەم گێژەڵووکەی ئەم ڕۆژگارەوە
هەردوو چاوانم پشکۆی بەتینن
وا لە بژوێنی گشت کۆساران و
لە سارا و هەردی کاکی بە کاکی دەشتی گەرمیانا
بە تین تر دەبن .
چ ناسۆرێکی تووڕەیە دڵی بە سوێم دەکرۆژێ
گیانی شەلاڵ و ماندووم دەداتە بەر چەپۆکی توند ،
هەر ڕاناوەستی تا لە ئەنگوستی شیعریشم دەدا !

*    ●    *

گیانە کە گیانی خۆت ئازار دەدەی
واهەست دەکەم دێ ی ،
پەڕی هۆنراوەم هەڵدەپڕوکێنی
منیش دەبمە گڕی بەتین و
ئاگر دەنێم بەو شەوە تارەوە
کە دێت و ڕێگا بە چاوەکانت و هەنگاوت دەگرێ .

●    *    ●

تۆ زۆر سەربەرزی ،
چون کوێرەوەریی مرۆڤە بووە بە توێشوی ڕێگات
بۆیە پاڵت نا بە دەستی شوومی
گشت جامبازانی ئەم جیهانەوەو
شنەی شەماڵی خۆشی و ئارامت کردۆتە دیاریی
بۆ دڵە مات و خەفەتبارەکان .

●    *    ●

هەر لەو ڕۆژەوە دایکم بەخشیمی ئا بەم ژیانە
خۆی کۆچی کرد و
کەسێ نایەتە بەر ئەشکی چاوو هەناسەی ساردم
خۆ منیش هەرگیز شەکەت نابم و
لە گەڵ کۆرژنی ئەسپەبایەکی پەست و سەرگەرما
توند تەکان دەدەم
توند پێ بە خەم و ئازارما دەنێم .

● * ●

وەکو ئەستێرە
هەر بێزار نابم لە تیشکەکانم
دە ئیتر بۆچی ،
شەوان چەخماخە لە تیشکم هارکەم ؟!
وەکو جۆگەلە
هەر بێزارم نابم لە خوڕەی گیانم
دە ئیتر بۆچی ،
دەنگی خوڕەی خۆم بدەمە دەمی لافاوی هار و
شەپۆلی ڕقی ؟!
وەکو لاوك بێژ
هەر بێزار نابم لە دەنگی سازم
دە ئیتر بۆچی ،
زارم بدەمە دەستی جامباز و بمرێ ئاوازم ؟!

● * ●

تۆ سەرسەختانە باسی چەمێکی دوورم بۆ دەکەی
چاك گوێم لە هاژەی ئا ئەو چەمەیە
بۆیە ناتوانم گۆرانیی گەشمی بۆ نەهۆنمەوەو
نەیکەمە چرۆو گوڵاڵە شیعر
خۆ ئەگەر چی من وام لە چەرخێکدا
پەنجە دەنێنە سەر چاوی مناڵ !
قەت وا تێنەگەی کە چاوەکانم

گریان ڕوانین و ڕێگای لێگرتوون !
زۆر گەش دەبینن
ڕێگاکەی لای تۆ هەرگیز وون ناکەن .

● * ●

دەباش بزانە ،
لقی ئازارە سەوزەکانم وەك ، گوڵەبەرۆژە
بە باڵای خۆما شۆڕ دەبنەوە
قەت نایان ڕنم !
چونکە هەمیشە پەلوپۆی ژانیان
هەر بۆ ڕۆژهەڵات واڵا دەکەن و
ئەو خاکەی کە وا دڵی گەشیانی تیا جێگیر بووە
تێر ماچی دەکەن .

● * ●

شەوانی بەفر
چاوی شیرینم بۆ تۆ داگیرسان
یەخەی زامداری خۆم بۆ تۆ راخست لە سەر ڕێگەتا
هەر ڕانەوەستای ،
بە سەر برینما تەکان دەدەیت و
لە چیاو ئەشکەوتا بە دەنگێکی بەرز بانگی خۆت دەدەی :
(( ئەمرۆکە بەری شەوگاری تاڵە بە سەر شارەوە ))
گوێم لە هاوارتە ، قەت دڵگیر مەبە
من چاك دەزانم تۆ لە بەر چی یە وا سەوداسەری
من چاك دەزانم تۆ چ وەرزێ دێ ی
لە بەهارەوە ،
چەپکە چیمەن و چەپکە گوڵاڵە دەسکەنە دەکەی
بۆ خۆڵی گڵکۆی خۆشەویستەکان .

● * ●

ڕەشەبا شێتەو تەپوپۆز دەکا
بەسەر دێهات و مەڵۆو درەوەنیی دێهاتەکانا

تۆ وەك شەماڵی ،
بەسەر خەرمانی دڵما هەڵدەکەی
وەکو شەونمی دەم بەهارانی
گیان دەبەخشیتە هەموو گەڵاکان
وەکو هەناسەی شاعیرەکانی
بۆ ژانی خەڵکیی بە گوڕ گڕ دەگری
وەکو سەوزەمێرگ
بەسەر باوەڕما چڵ چڵ گوڵ دەگری .

کەرکوك ٩٧٨-٩٧٩

# پێکەنین

گردبووینەوە ،
لە گەڵ تەمی بیابان و
هەوری لوتکەی شاخەکانا ، گردبووینەوە
ئێمە باسی کارەساتی تەمەنێکی سەوز و سوورمان گێڕایەوە
تەمیش باڵدارێکی سەوزی برینداری ، هەڵگرتبوو
دایە دەستی هەوری تووڕەی سەر لوتکەوە
هەوریش باسی پێکەنینی ڕۆژگارێکی گەشی دەکرد
هەر دەیوت و نەبڕایەوە !

کەرکوک ٩٧٩/٨/٢٥

## هۆرەی سیامەند

بە (( سیپان ))ی دڵی منا سەرکەوتیت و
شوێن پێت جێ هێشت
بۆ سەر شاخی چ دەربەندێ تەکانت دا
وا ڕۆشنایی گلێنەکەم جێ ی نەهێشتی ؟!
ماندوویی ناو بەردەلآنی کارەساتیش
منی لە بیر نەبردیەوە ،
هەر لە گەڵتام .. شۆڕبەرەوە ،
بە لاولاوی بیری منا وەرە خوارێ
دەبزانە دەگەیتە کام سەوزەلآنی بنار شاخ و
دەشنێیتەوە وەك شنەبای زەردەپەڕی دەم ئێوارێ ؟
گولآڵەی باخ .. نەمامی چەم
دێنە سەر ڕووی تەمی خەستی هەنیەی شەوە بێدارەکەم
بێ ئەوەی ڕوو لە هەورازی بڵند بکەم
ڕێ هەورازەو منیش شاخم
دەبینم چۆن زەوی لەژێر پێ ی ستەما دەبێ بە خوێن ؟
شاخیش شانی شەکەتی خۆی بۆ ستەمی ئەم سەدەیە نانەوێنێ
من نامەوێ بە گریانی ماتەمینی چاوی کچێ بئێشێنم ،
لە توولە ڕێ ی مەر گەساتا
چاوێ هۆشیار نەبێتەوە .. با بسووتێ
دڵێ بێدار نەبێتەوە .. من بۆ چیمە ؟!
ئێستاش گیانم هەناسەی گشت
شەوەڕێگای شاخەکانی هەڵگرتووە
شاخێ ڕەگی دڵ و گیانی لە ناو ناخی زەویدا بێ
قەت دیوتانە ، لەبەر کۆشکی زۆرداریی دا
هەرەس بێنێ !

● * ●

وا گوندەکەی — مەولەوی- یشمان بوو بە نەبوو
بلێسەی ئەو وێرانەیە گەیشتە لام .. بە ئاسمانا نەهات بۆ لام
(( لە کوێوە هات ؟! ))
بە ناو دۆڵ و چەمەکانی کوردستانا
بەسەر پشکۆی ئاگردانی ناخی — خەجۆ- ی نیشتمانا
هات و هەمووی بە گڕ سووتاند
منیش برژام ،
وەکو قەقنەس منیش سووتام .

● * ●

بۆچی کۆتی تووڕەی ڕقتان لە گەردنی
لاولاوی ناو سەوزەڵانی ئەم زەوی یە دەئاڵێنن ؟!
بۆ چڕنووکی ناحەزیتان لە کەمەری چیای گیانم گیر دەکەن و
هەرچی قینی ناکەس بەچەی مەرامتانە
بەسەر گوڵ و هەڵاڵەی ناو مێرگەکانی نیشتمانا دەبارێنن ؟!
ئەوە بۆچی گوێ بەندەری شنەی هێمن
وەك کەناری پەشۆکاوی لافاو وایە ؟!
خەڵکە سەیر کەن ،
هەرچی یاساو سنوور هەیە تێك ئالأون !!

● * ●

سیامەندم ،
لە وڵاتی تووڕەبوونا
هەواڵی ئەم گوێ بەندەری تووڕەبوونە
بۆ رێبواری هەواڵ دەبەی ،
بە دوای بروسکەی دەنگتا وێڵم
لە گشت لاوە بروسکەت دێ
کلیلەی شاخ ڕێگام نادا پیا سەرکەوم
(( جارێ ، دوو جار .. دە جار ، سەد جار
پیا سەرکەوە ،
چی سەهۆڵی ڕێگا هەیە

لە ژێر پێتا دەتوێتەوە »

قەت لە زەوی و چڵی درەخت بێزار نابم
کێ هەناوی ئەوینەکەم لە پەل و پۆی درەختی ناو
ڕەزی تەمەن دوورخاتەوە .. ماڵی دەڕمی
ئەوەی دەستی ناپاکیی بۆ شاخ درێژ کا
یەك یەك پەنجەی لێك دەترازێ و هەڵدەوەرێ .

● * ●

سیامەندم ،
وەك سێبەری بەر ڕوانگەی ئەوبەری گوند
تاقێ بەسەر گەڵای داری کەنار چەمی — ڕۆخانە - وەی
تاقێ کەم کەم لە تەمەنی مۆمی باڵات دەتوێتەوە
جارێ دەڕۆی ، چەم دەبڕیت و بۆ گوندەکەی ئەوبەر دەڕۆی
جارێکی تر جامانەکەت لە ملتایە و بەسەر گرد و تاشەبەردا سەردەکەوی
ساڵانێکە وەك خانەزای خەمی  وا ڕووت پەشێواوەو
شەوچراغی ڕێگای دووری هات و نەهات
بەدەستتەوە ناکوژێتەوە .

● * ●

لە هەیوانی خۆمانەوە چاوم لێ بوو
لە گەڵ تەمی پاش بارانی پایزێکا
هەور نیشتە سەر سابڵاغ و دونیای داپۆشت
هەرچی نامەی دڵداریی بوو
دەستیان لە مل نامەی دووری ڕێبوارێ کرد
نامە تك تك توایەوەو بوو بە ئاوی
مەتارەی ڕێی ڕێبوارەکە ،
ئەو ڕێبوارەش سیامەندی وڵاتێکە
لە ناو تەما بو تروسکەی خۆر دەگەڕێ .

● * ●

دیدەی گەشی باڵای بەرزم بەسەر لەپی  ڕۆژگارەوە
دێت و دەچێ .. ناگاتەوە هەوارگەی خۆی

هەوار كانیی تینوێتی خۆی
ناردۆتە سەر ڕێ ی كاروانێ ،
كاروان هۆرەی دەگاتە گشت بەر هەیوانێ
هەیوانی ماڵ ،
وەك — سەیوان — و — شەهیدان — ی هەردوو دیدەم
گریانی گشت ئەم گەردوونەی لە پێڵویا حەشارداوەو
تروسكەی خۆر
پێكەنین و گریانمی كردووەتە گۆرانی یەك
چی شەپۆلی شنەبایە
لە گەڵ خۆیا هەڵی دەگرێ و وەكو خۆزگە
نابڕێتەوەو دوایی نایە .

**كەركوك**
**هاوینی ٩٧٩**

# هەڵبەستێکی مەزن

تۆ چاکت کرد ،
نەتهێشت دەستم بە کەمەری خەمێك دا کەم
کەندەڵانی پایزێکی دڕکاویم پێ شاد بکا
نەتهێشت ئەژنۆم بەسەر ڕۆخی چەمێك دا دەم
هەرەس بێنێ ،
دوور مەکەوە
دڵم لە ژێر هەردوو پێتا تەخت دەبێ
هەر بە تەنیا بە ناو بەرد و دڕکە —زی- دا هەنگاو مەنێ
لە گەڵتا دێم .. لە گەڵما بێ
گەڵای سەوزی هیواکانت لە دڵمدا
وەکو نێرگز تەڕ و گەشن
گەڵای سەوزی هیواکانم وەك سەرپۆشێ
بدە بەسەر پرچەکەتا
با وەیشوومەی ئەم سەدەیە نەیژاکێنێ
تۆ پرچەکەت هەڵناوەرێ
بەسەر پرچی هەڵوەریوما دایبهێنە .

● * ●

خۆت دەزانی پەنجەم بۆتە پەڕەموچ و
لەسەر هەموو دەفتەرێکا
تابلۆی سووری نیشتمانم دەنەخشێنێ
ئەو شیعرەی وا ڕۆژگارێکە دەمکرۆژێ
لە بالای خۆم گەورەترەو
دێر دێر وشەو گوڵئەستێرە بەسەر دڵما دەبارێنێ
ئەی — هەڵبەست — و دێرە شیعرم
هەموو ڕۆژێ کە شێت دەبم

ئەو شیعرەی بۆ چاوی گەشی تۆم نوسیوە
هەر کە نم نم وەك باران و وەك پڕووشەی بەفری ڕۆژگار
وورد وورد بەسەر پێڵوما هات
بە تەکانیێ ڕێگا دەبڕێ و
دەگاتە لات .

**کەرکوك ٩٧٩**

## مرۆڤ

گوڵاڵەی مەمکێك وەری یە سەر لێوم ،
ماچی چی ؟!
تاڵاوی سەردەمی ئازارەو
لە گوڵی بەهاریش دەبارێ
خوێناوی گریانەو
لە چاوی کچۆڵەش دەبارێ
چی گیانی خوێناویی وڵاتمان دەشۆرێ
بارانی شاخ نەبێ ؟!
چی چەمی خوێنینی دیدەمان ڕادەگرێ
گەر دەستی مرۆڤی ئاشق و
سەوزایی و پەل و پۆی باخ نەبێ ؟!

**بەغدا ٩٨٠/٤**

# رێگا

دەمێکە نەمدیوی
دەتوانم بێمە سەر ڕێگات و هەواریٚ هەڵبدەم
هەواریٚ — با — بیبا نامەویٚ
دەس دەگرم بە دەستی عەشقەوەو
لە هەستما کەژێکی نارمیٚ ی
هەر بۆیە ناترسم لە ڕیٚ دا هەڵکەوم
درەختی باوەڕت لە بیرما ڕەنگینە
من کوردم . . کوردیش هەر ڕێبوارەو
ئارامگەو هەواری لە دڵیا سەنگینە .
دەمێکە نەمدیوی ،
« نەبینین ناتوانیٚ کە خوێنی
باوەڕو ئەوینمان بڕێژیٚ »
نەبینین ناتوانیٚ
کۆرپەلەی ئارام و ئومێدمان بنێژیٚ
ڕیٚ دەگرم ،
ڕێگایە فرمێسك و هەناسەی
دڵدار و دڵبەریٚ تەڕی کا و بیماڵیٚ
کەناری دەبێتە گوڵاڵە
ڕێگایە ئازاری میللەتیٚ هەڵبگریٚ
زامیشی هەر گوڵی ئاڵ ئاڵە

بەغدا ٥/٩٨٠

# درەخت

(( پێشکەشە بە گەلی فەلەستین))

درەختێ دێ ،
لق و پۆپی زامداری خۆی
بە دوای خۆیا بەکێش دەکاو
گەڵاکانی هەڵدەوەرێن ،
منالێ دێ ،
مەشخەڵانی تینی چاوی
تینی گەشی هیوایەتی و تاریکایی دەسوتێنێ
پێ ی پەتی یە و دڵی بۆتە گوڵاڵەی سوور ،
گوڵاڵەی سوور ، بۆ سەر لقی درەخت دەگری
ئەو درەختەش ڕێ بەرنادا ،
چی کارێزی سەر ڕێ هەیە ڕێ ی ئومێدی سەوز دەکەن
چڵی ڕووتی ، نیشانەی خوێن بە دوای خۆیا بە جێ دێڵێ و
بەسەر گیانیا دەشکێتەوە ،
ئەو هەر دەڕوا .. دەڕوا ، دەڕوا
تا کەمەری چیایە سوور سەردەکەوێ و
پەل و پۆی خۆی لێ ی دێنە دەنگ :
هەر گریانی گەڵاکانە جەستەی سووری زەوی دەشوا
یا مەشخەڵی دەست و پەنجەی منالانە
سەرماو شەوی چیا سوورە تاو دەدات و
روناکایی بۆ دەروونی درەخت دەبا .

● * ●

هاوڕێم وەرە ..
درەختی سەر هەر لوتکەیەك هاتۆتە دەنگ :
(( لە وڵاتی غەریبی دا سەری تاسەت مەنێرەوەو ))(*)
دەس مەخە سەر گلێنەی چاوت

---

(* ) ئەو دێڕەی ناو کەوانەکە شیعری ئەنوەر قادر محەمەدە : (( زریان . وەرە خوارێ ... )) .

چی زریانی سەر گلێنەی منالآنی ئەم خاکەیە
بیتەکێنە .. ئیتر بەسە ،
با ئیتر بەس گلێنەمان لەبەر تۆف و لە ژێر زوقما دابڕزێ
بۆچی دەبێ ڕێ ی ڕەهێڵەی تەمەنی شاخ
سەری بەرد بێ و بیداتەوە بەسەر شاخا
ئەی ڕێ ی ژیان بەردەباز و پەڕینەوەی پێویست نی یە
تا بگەیتە دوا ئارامگەی بەختەوەریی ؟!

● * ●

ئاو بڕژێ بەسەر گیانی درەختێکا
سینەی دەبێ بە سەوزەگیا
خوێن بڕژێ بەسەر سینگیا
چڵی دەبێ بە گوڵی سوور ،
کێ نکوولیی لە ڕوباری خوێنمان بکات
گوڵی سووریش بەسەر شەوی تاریکێوە گەواهێکە
هەر نایەڵێ زار هەڵبڕێ .

● * ●

مۆتەکەی مەرگ بەسەر شانی کاممانەوە سەما ناکا
هەر وڵاتی سوتێنراوی خەنەبەندان
وەکو عەشقی کچۆڵەیەك ،
خەناوکەیەو لە گەردنی ژینمانایە
پێ بە چاوی کەسا نانێین
هەموو ڕۆژێ وەك چڕنووکی گورگی برسی
سەر ڕوومەتمان دادەماڵن ،
ڕوومەتی زام .. زامی ڕوومەت
بە ڕوخساری دارو بەردی وڵاتەوە
بەسەر گەلآی هەڵوەریوی درەختەوە دەناڵێنێت :
لە کۆنەوە هەنگاو دەنێین
دژی مەرگ و دەستی قورس و جەورو ستەم
ئێمە ئێستاش دەدرێینە بەر شەختەی مەرگ و

لەبەر تۆفی نەهێشتنا خۆ ڕادەگرین
ئێمە وەکو چیا سەختین
ئێمە وەکو درەختی شاخ گشت بەهارێ ،
لە پایزی تەمەنمانا گەڵا دەگرین
ئای سەرسەختین !

کەرکوک ٥/ ٩٨٠

# هەڵبەست

ڕێگام زەندۆڵ بوو
لەسەر لێواری خەرەندی ڕێ دا
سەرم سووڕمابوو !
دەستی — هەڵبەست — ێ داگیرساو شەوی
تاری چاومی ڕۆشن کردەوە ،
نیگای گەڕیدەو دڵەی سەرزەدەی ویرانە ماڵمی
لە ئامێز گرت و لە تۆفی وێڵیی دووری خستمەوە
دڵەی شکاومی دایە بەر خۆرو
وڵاتی چۆڵی بیرەوەریمی ئاوا کردەوە
وڵاتێ سەوزی لەسەر ڕوخسارما
کرد بە نزرگەی پیرۆزی ماچ و
شین و هاوارمی دێڕ دێڕ خوێندەوە .
- هەڵبەست — ێ ئەگەر ، نەبێ بە فیدای ئازاری ژین و
پەشێواویی ڕووم بیر نەباتەوە ،
لاوك و حەیرانی شەوگاری ژینم نەکاتە بەستەی هیواو ئازادیی
پەنجەی نووسینم هەڵدەکێشم و دەیکەم بە چاویا !
(( دەسە پاچەیە !! ))
نە ، ئەو وانابێ .. بۆیە دیواری ماڵی جێ هێشت و
لە بیری مندا وەك باخەوانی کۆڵنەدەر وایە
پێڵووی بێزاری دیدەم لا دەدات
چەمی ئومێدم شاگەشکەی خۆشی و
کەژی باوەڕم ئاوپرژێن دەکات .

بەغدا ٦/٩٨٠

# پرچ

پرچی خۆت بوو ،
یاخود پەلکی هۆنراوەی من
کە شمشێری وەڕسبوونت خستەگەردن ؟
چی بێژم بەو ،
مەقەستەی وا ، پرچتی بڕی
من وامزانی دەستێ هات و
شیعرێکی زۆر جوانی دڕی !

کەرکووک ٨/٩٨٠

## دەفتەری باوەڕم بخوێنەوە

بە تەنیا بووم
قەڵای دمدم لە ئەندێشەی شیعری سەوزما
باڵای دەکرد
دەیویست پەلی بۆ گەردنی شەوێ ببا
ڕێی پیرۆزی عەوداڵانی لێم ون کرد
بە تەنها بووم ،
بیابان و دارستانی ئەم گەردوونەم لێ ئاڵابوون ،
بیابان بە ، دەس سەرابی قرچە قرچی هاوینەوە
دارستانیش بەدەس تەمی ستەمەوە
بە گوێی خۆم و گشت جیهانا دەیاننالاند :
« قەڵای دمدم ، لە گەمارۆی چەتەی ڕۆژ و ڕێگردایە
دێر زەمانە ،
بە برینی ستەمەوە
دەستی ئاخی بۆ دەستی مە ڕادەکێشێ و هەڵوەدایە »
مانگەشەوی ئەو بەهارەی
هیواکانی ئێمەی لەسەر هەڵدەواسن
لە هەناوی گیانی سوورو لە هەنسکی — ڕێ — مان دایە
بە تەنها بووم .. کوێرە ماڵێك
کوێرە گوندو بەردەڵانی ڕێی دەوارێك
دەستیان گرتم .. چیرۆکێکیان گێڕایەوە :
ئەوەتی ئەم سەرزەمینە فراوانە دروست بووە
ئەو چیرۆکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات و
چی خراپە و وێرانکاریی زۆردار هەیە هەر دەینووسێ
نازانم کەی ،
ئەو چیرۆکە دەبڕێتەوەو کۆتایی دێ ؟!

● * ●

بە تەنها بووم
ویستم لە سەر شاخێکی بەرز وچان بگرم
قەڵای دمدم لە ڕوانینما
وەك شەوێکی پڕ ئەستێرەو سامالْی گەش
بە ئومێدی بەهارمدا بشنێتەوە ،
نەگەیشتمە لووتکەی مەبەست
لووتکەی مەرام
لە دلْمدا بوو بە گولْی سەدان هەلْبەست
بوو بە چلْی سەدان نەمام .

● * ●

ئەی براکەم ،
کلووی بەفر لە پەنجەرەی مالْمانەوە دێتە ژووریَ
ئای کە مالْم بەفرستانە و
دەردی سەختی تەمەنێکی خەلْتانی ئاخ
بە فرمێسکی گۆنامەوە دەتکێتە سەر جومگە و پەنجەم
لە ئاقاری ڕوانینمدا ڕاناوەستیَ و
لە دەوار و لە ناو کەپری کۆچەریان و ڕەوەندانی
ئەم زەمینە ژیلەمۆیە و پڕ ئاگرەدا .. دەبێتە گۆم
گۆمی فرمێسك کانی و ئاوی دامێن کەژی ،
ئەمسەر ڕێگای خۆشەویست و ئومێدمە
کانی و ئاوی ڕێی ئەوسەرم دەبیَ چی بیَ ؟!
گۆمی سووری ژیانمەو بەس !

● * ●

ئەی براکەم ،
تابووتی مەرگ بۆ پێشوازیم دەهێنن و هەر سلْ ناکەم
ئەژنۆم لەبەر گڕو مەرگی ڕێی پیرۆزدا
بە دەستی سوور چەپلْەی ئومێد لیَ دەدات و
بەم کوردستانەوە بەندە ،
ئەی براکەم .. دە وەرە دەی

دەفتەری ئەم باوەڕەی من بخوێنەوە
بزانە چۆن ،
هەڵبەستێکی ڕەنگاوڕەنگی ناخی گەشی مرۆڤێکی سەوداسەرە
یا گوێ بگرە ،
با خۆم بێم و ئەو دەفتەرە بخوێنمەوە :
(( بە پەیژەی برینی وڵاتما سەرکەوتم ، تا دیدەم
بارانی بەهاری لێ بڕژێ
بە سینگی شاخێکی سەختەوە ئەنیشکم نایە سەر
برینی سەر دڵی ،
نەمدەویست  ئازاری دەسخاتە سەر دڵی برینم
نەمدەویست بە پەنجەی زامدارم سیمای ئەو سوورتر کەم
برین و سیمایم خستە سەر شانم و بە تەکان ملم نا
تا بڕۆم بگەمە مژینی هەڵاڵەی ڕێی ژینم .
نە کەسێ ڕەوتەنیم ئەم هەوار جێ بێڵم و
بڕۆم بۆ ئەو هەوار ،
نە داری بێ بەرم لە سەر ئاو فڕێم دەن
بۆ دۆڵی برینگ و وشکەڕۆ
نە وەرزی پایزی ساڵانم تا دەستی نەفرەتم لە ڕوو نێن !
گەڵای گشت ئەنگوستم وەرینە ڕووباری ئاوات و
جۆگەلەی هەنسك و ئاخمەوە
بشمرم خۆ کۆرپەی باوەڕی میللەتم دەمێنێ
خۆ چیای سەربەرزی مەڵبەند و هەوارم دەمێنێ
بولبولی ئاشقی ئاسمانی وڵاتم
جارجارێ هەر بە سەر گڵکۆما دەخوێنێ )) .

**کەرکوك**
**هاوینی ١٩٨٠**

# شار

ئەو شارەم جێ هێشت ، بە کوڵ بۆی گریام
شۆخەکەی یارم نەیهێشت ئەو بگری
خەمبارانی گشت کوچەو کۆلانی ،
شەوێکی تاریك هاتنە تەماشام
شۆخەکەی یارم هەر خەم و تەمی ڕوومەتی دەسڕین
شیعرێکی نووسی بە عەشقی من و گریانی شاردا
تین و هاڵاوی ئاهی دەروونم ،
ئەو شیعرەی ماچ کرد :
نابێ لە بەردەم خەمی خۆماندا دانیشین بگرین
نابێ تەکانی لاوك و بەستەی خۆزگەی دێرینمان
گەڵای هەڵوەرێ
نابێ گوڵاڵەی باخی گۆرانی و سروودەکانمان
ڕێ ی هەڵەمووت و بێزاریی تەمەن
ئارامی ببڕێ و کۆڵ داو هەڵکەوێ .

**بەغدا ٩٨٠/٩/٣**

# دارستانی ژمارە دوو

بە هەر چوار لای خۆما دێم و چاو دەگێڕم
سەر هەڵنادەی
ئارامیشم وا ئارامی پێ نامێنێ
پێکەنینم لە دەمارم دەبێتەوە ،
ئەم بەغدایەش جارێك لە لام بیابانە
جارێك لە لام گەردوونێکی
پڕ ئاژاوەی هەراسانە !
ئەی کەنیشکە ئاشقەکەی هەناسەکەم
کە نەتبینم ،
خەونی هەزار لێکدانەوەم هەرەس دێنێ
ڕێ ی ئوتێل و قوتابخانەم لێ تێك ئەچێ
کۆشکی گەورەو کوێرەماڵی هەژارانم لە لا یەکە
هۆڵی گەورەی کتێبخانە و
چایخانەکەی (پەرلەمان)(*)م لە لا یەکە !
کە وەك خۆری زستانی تووش دەردەکەوی
یەك دەگرین و دەبینە یەك دارستانێك
نیشتمانیش ،
دارستانی ژمارە دووی سەر زەمینە
وەکو ساوا تریقەی دێ و
لە گەڵماندا دڵ پڕ هیواو پێکەنینە .

**بەغدا ٨/٩٨٠**

( * ) پەرلەمان : چایخانەیەکی ناودارو گەورەو قەڵەباڵغ بوو ، لە سەر شەقامی ڕەشید لە حەیدەرخانەی بەغدا ، ساڵی **٩٨٢** داخراو تێکدرا .

# شوانەوێڵە

(( بۆ نازم حیکمەت ))

شەو نەنوستی ، چاوت ئاڵ بوو وەکو ئاسۆ
(( مونەووەر ))(*) هات
شیعرەکانتی نایە سەرچاو بۆ (( محەمەد ))
عاشقانیش پۆلێك هاتن
کچۆڵەیەك لە ناویاندا زۆر بێدەنگ بوو
شیعرەکانتی وەك مێخەکبەند دابوو لەبەر مەمکۆڵانی
ژوورە پەرپووتوکەم پڕ بوو لە شیعری تۆو لە هێمنی سۆزی یارم.

● * ●

کتێبەکانم شاهیدن
(( بەختەوەریم لە خۆشەویستی تۆدایە
وەکو مرۆڤێکی تر لە ناخما دروست ببێ وایە ))(**)
گلۆپ نی یە لەم شارەدا
شیعرەکانت گەر بە مەمکی یارمەوە بن
ئیتر شاریش چراخانە
تەماشاکەن ، جاران پەست و داخ لە دڵ بووم
ئیستا چونکە چاوم ئاڵە وەکو ئاسۆ
گریانی خوێن دەبارێنم
دەستتان سوور کەن بە فرمێسکم
ئا ئەمەیە خەنەبەندان !
ئێستا چونکە چاوم ئاڵە وەکو ئاسۆ
چوار دیواری بەندیخانەت لە بەر چاوما دەروخێن و
دێیتەوە لانە و خانەی خۆت .

---

( * ) مونەووەر ، خێزانی نازم حیکمەت بوو . محەمەدیش کوڕی بوو.
(**) ئەو دێڕە شیعرەی ناو کەوانەکان هی نازم حیکمەتە .

● * ●

لەو ڕۆژەوەی تۆ دەناسم
وەك سەر گەرمیٚ دڵی وەکو مەشخەڵ وابیٚ
شەوی سامناك
پەنجەرەی ماڵی یارەکەم جیٚ ناهیٚڵم
نەوەك یارم بە دوای چرایەکا وێڵ بیٚ
لە بەر تیشکیا شیعرەکانت لە ئامیٚز نیٚ
لەو ڕۆژەوە ،
شوانەوێڵەی دوای سەوزەگیای بەهارانم
چەمۆڵەی خەم
هەرگیز نابیٚ دەس بنیٚتە
سەر بینایی خۆرەتاوی پاش زستانم .

● * ●

منی شەیدای بەختەوەریی
وەك خاکێکی هەزار ساڵەی باران نەدیو
دڵم لەت لەت ، جەستەم هەمووی شەقار ببوو
وەك کەسێکی وێڵ و هەتیو
شوانەوێڵەی دوای چەمیٚ بووم ،
تەم گلێنەی داپۆشیبوم
هەموو دنیام لیٚ ببوو بە ، کۆڵی خەم و نائومێدی
ئەی کچۆڵە ،
نازم حیکمەت ، دەستمی دایە دەستی ئازای فەرهادەوە
تۆش لە لام بووی بە شیرینیٚ و
دەستی شوانەوێڵەت گرت و
لە باهۆزی دەرد و خەفەت ڕزگارم بوو
ئێستاش گیانە ، هەردوو دەستم لە ملتایە ،
نازانم تۆ ئازیزتری یا هۆنراوەی نازم حیکمەت ؟!
نازانم چۆن سینگم لەت کەم

شیعرەکانی ئەو شاعیرەی لێ دەربێنم
تا بە پێڵاوەکانتەوە بێیتە ناوی !
نە تۆی شیرین وەك سێبەری بەیانیان و ئێوارانی لێم بزر بی
نە — نازم —یش وەك ئەستێرەی شەوان وایە لە پڕ بکشێ .

**کەرکووك ١١/٩٨٠**

# بۆ .. تۆ

دەمێکە نە شیعرێ دەبێتە میوانم
نە داوی گلۆڵەی هەوری ئاخ
لە پەنجەم دەترازێ و
نە تۆش دێی بڕوانی چ شێت و تووڕەیە شەپۆلی گریانم
دەمەوێ ئارامم بدەمە چەمێکی بێ ئارام
دەمەوێ ئارامی شاخێکی خۆڕاگر بگرمە ئامێزم
بە تەنیا دوو دڵم ، پابەندم ، چۆن شوورەی سەر ڕێگەم بڕمێنم
ماڵئاوا لە ساڵی کۆن بکەم ،
تۆوێکی تازەی ژین بچێنم
بۆ نایەی لە گەڵما بەربەستی زۆرداران بڕمێنی
منیش وەك دەستێکم ، بە تەنیا کلۆڵم
نەفرەتێ لە ئێسکی مەترسی ،
لە گەڵما بەربەست و دیواری زۆرداران دەڕمێنی .

**کەرکووك**
**ڕۆژانی کۆتایی ساڵی ۹۸۰**

# ئۆپەرێتی ..
# شاروخ و گوڵڕوخ

(( سوودم لە ئەفسانەیەکی کوردی وەرگرتووە ))

**شاروخ و گوڵڕوخ (پێکەوە) :**

لە ڕۆژیکا لە دایك بووین
کە منالّ بووین ، ئێمە هەردوو
تاقە وڵاتێکمان هەبوو
لە گەلّ بالاّی نیهالّی سەر چەم و باخا
هەر کەس خۆی و ئەوینەکەی ، گەورە دەبووین
سالّێکیان وەرز قات و قڕ بوو
باران ڕووی لە زەوی نەکرد
زۆردار هاتن باخیان بڕی
ئێمەش هەردوو
دلّێکمان بوو
مالّی ئێمەش وێران کرا ، لێك دابڕاین
کراسی بەر دلّی گەشی مەشیان دڕی !

**دەنگ :**

شاروخ گیان ، وا دەنگی سامدارو نالەبار
دەیەوێ دەروونت سڕ ببێ و ڕامێنی
وا دەستی چەپەلّ و ئاژاوە
دەیەوێ ڕاچلّەکێی ،
وریابە ، نەشێوێی .

**شاروخ :**

هەرچی دەنگێ بێ ئاگام لێ یەتی
دەنگی سامدار و نالەبار دیارە
دەنگی نێو کوچە و کۆڵانان دیارە
خۆ دەنگی دووری ماڵانیش دیارە
ئاوازی خەمی دڵانیش دیارە
ئاگام لێ یەتی ،
ئێستا گوڵڕوخ-م وا لە شەپۆڕی گریانێکدایە
هەردوو چاوانی وەك گۆمی خوێنن
لە هەر جێیەك بێ ، تاك و تەنیایە
لە تینواندا گشت پەنجەکانی یەك یەك دەوەرێن !
ئاخۆ ئێستاکە دەبێ گوڵڕوخم هیوای پێم مابێ و
چاوەرێم بکات ؟!
یا بێ هیوایە و دڵ نائومێدە !
کە لە یەکتری جودابوینەوە
دلێکی تژی لە بەختەوەریی وئارامی هەبوو
گەر من بزانم،
تاکو رۆشنایی لە چاویا مابێت رێگا بەرنادات
تاکو تۆسقالێ هێزی رۆیشتن لە گیانیا مابێت
دەروونی هێژای خۆی بۆ کپ نابێ وهەر دانانیشێت
تاکو دەمرێت چۆکی دانادات
دەنگی گولڕوخ گیان وە کو بازی بەخت هەر بۆ لای من دێت.

**دەنگ :**

ئە ی گولڕوخ ،
شاروخ-ت ترۆپکی مەبەستە
تۆی ئازیز ، دەروونی پیرۆزی مەبەستی
هەنگاونێ ، ڕوومەتی خەمبارت ڕزگارکە
نەوەکو سامالی ساردوسڕ لە گۆت خات

نەوەکو کرێوە ی ساڵێکی سە خت و تووش
ڕاتماڵێ و چۆکت پێ دابدات.

**گوڵڕوخ :**
ڕێ ی دوورم بڕی ، هاتوومە سەر شاخ
دەستم دامێنی شاخە ئەمڕۆکە
ئەم شاخە و شاخمە و چاوم لە ڕێ یە
شاروخ دێ بۆلام ،
یا ڕێبوارێ دێ و هە واڵی پێ یە
رێ لافاویش بێ بە باڵی مەلدا نامە دە نێرێ
دەنگ هەڵئەبڕم ،
دەنگم شریخە ی هەورەبارانە و
نمەی ڕەهێڵەی ئومێدی پێ یە
بۆ هەر کوێ بڕۆم شوورەی ئارامم لێم نابێتەوە
کێوی باوەڕم لە دلمدایە و
سایە ی ئاواتم جیا نابێتەوە.

**شاروخ:**
گیانەکەم گوڵڕوخ ،
هەزاران ئاخی یادی جاران و ئا ئەم سەردەمە لە دلمدایە
وا بە دڵێکی زۆر پەرێشان و زامدارە وە دێم
دەستم هەر وەکو بولبولی وێڵ و لانەواز وایە
هەر نێو پەرچەم و باوە شی تۆیە
وە ك نیشتمانی شیرینی وایە
با سەرمام نەبێ بە کراسەکەت چاك بمپارێزە
تا لە تینوێتی رزگارمان ببێ ،
با لە لێوی یەك تێر بخۆینەوە
گوڵڕوخ گیانەکەم ،
تۆش وە کو خۆم وای هەر بە ڕێگاوەی

منیش وەکو تۆم هە ر بە ڕێگاوەم
شە یدای یەکترین ،
بە ڕێگایەکدا بەرە و ڕووی یەکتر تەکان دەدەین و
هەنگا و دوای هە نگاو ئە و رێگە دوورە کەم دەبێتەوە
ئە و بلێسەیەی وا لە دەروونی هەردووکمان دایە
مە ترسی رێگا راپێچ دە کات و
لە هە وارێکدا بە یە کتر دەگە ین ،
ناوی لیٚ دە نێین : هەواری مەبەست.

بەغدا ٩٨١/١

# شاخی سەرسەختان

بۆ – عەلادین –

بە هیواوە چوومە شاخی سەرسەختان و
شەو لە بەربای ئازادی دا ،
دیدەی پڕ لە ئەشك و ئاخم نایە سەرچۆك
دەستم نایە دەستی هاوڕێ سەر گەرمەکەم
گەردانەی نوێی تەمەنێکی تۆف و تاڵی عاشقانەم دا لە بەرۆك
نەمامێکی کەڵەگەتی خەفەتبار بوو دڵی وێڵم
دڵم نایە ڕوو لە خاکی خۆم وەرگێڕم یا جێ ی بێڵم
وتم ڕیشم هەر ناتاشم ، تاکو دڵم تۆزی مەینەت نەتەکێنێ
تا ئاواتی چاوەڕوانی و هەنسکی دڵ نەبنە ڕۆژی تریقەی گیان
تا ئێواران هەر کەس بۆ لای خۆشەویستی خۆی دێتەوە
من لە خوێنی گەشی منالْ دەس هەڵناگرم
هەتا لەشی تاك و تەنیام ئەم سەردەمە ساردو وشکە جێ نەهێڵێ
هەتا سەرما بە سەرمانا دەواری بێ ، دەبێ لە گەڵ مەرگا بمرم !
بەرد بارانە !
لە نیوەڕۆی ولاَتمانا چاوەڕوانین کەی مانگ هەڵدێ و
ئەستێرە کەی دەجریوێنێ
بە نیوەشەو چاوەڕوانین ڕۆژ کەی هەڵدێ و
کۆتر کەی بێ بە سەر لانەی ئاوارانا بگمێنێ !
فرمێسك بە سەر گەلاَی سووری ڕوومەتمانا دێتە خوارێ !!
بۆچی نابێ مرۆڤ خاکی خۆی خۆش بوێ ،
مرۆڤ ماڵی لە بناری شاخی خۆیا ئارام بگرێ !
هەر چاوەڕێم ،
دەس بۆ لوتکەی چیا بەرم دارستانی ڕەنگاوڕەنگ بێ

هەر چاوەڕێم لە پێشوازی کەژاوەکەی سەربەستی دا ڕاوەستم و
گولاڵەی سوور ،
بەسەر نەوەی ئەم سەردەمە تووڕەیەدا ببەشمەوە .

● * ●

مــەگرین ،
خەو لە چاوما ئارام ناگرێ
گەر بزانم ئەم تۆفانە لە کوێوە دێ و دەستەو ئەژنۆ دامێنم !
ئەم تەمەنە وەرزی تۆف و تاریکی یە
بانگیان کردم .. هاوڕێکانم لە سەرمانا بانگیان کردم
گوێم لێیان بوو ،
نامەیەکم بۆ دایکە چاو کزەکەم بەجێ هێشت و
وێنەیەکیم لە باخەڵ نا ،
نامەیەکیش بۆ ئەو کچەی بەجێم هێشت و
وێنەی شاخی سەرسەختانی لە ئەلبۆمی تەمەنی دا خستە سەرچاو
لاوێتی ی خۆم دایە دەستی بارانەوەو
تا خۆرئاوا چاوەڕێ بووم
لە سەرمانا گەڕام ، ڕام کرد
بە دوای خۆری ئەودیو شەوی هەورا گەڕام
پەنجەکانم گشت ڕچیبوون
بەلاّم دلّم پڕ پشکۆ بوو .. ئەو ئاگردانەم نەبوایە
نەمدەتوانی بەناو تۆف و تاریکی یا ڕوو لە شاخی سەرسەختان کەم .

● * ●

هەستم کەوێکی زامداری شاخاوییە ،
لەبەر سەرمای ئەو شاخەدا هەڵئەلەرزێ
جار بەجارێ سەر لە هەردی گەرمیان دەدات
جارجارێکیش سەر لە ماڵی گوندان دەدات

ئای پێی خۆشە ڕۆژێ  دابێ بەسەر باخی گوڵاڵەدا بفڕێ و بڕوات
لە پەرێزو لە خەرمانی سەپانێکی کۆڵنەدەردا
چینە بکاو هیلاکی خۆی لە بیر بکات .
هەستم کەوێکی زامدارەو
ئەو کچەی وا ڕۆژگارێ بوو ڕووی کردبۆ قیبلەی هیوام
ئێستا پرچە نازدارەکەی لە ناو لەپیا پڕوکاوەو
بە دوای قۆڵما عەوداڵ بووە !
قۆڵێکم لێم جیا بۆتەوە .. بەم دەستەکەم هەڵی دەگرم !
نیشتمانم وەك باڵندەی وێرانەماڵ بە سەر قۆڵما هەڵنیشتووە
مرۆڤ بێ قۆڵ نە دەتوانێ باوەشی خۆی بۆ ئازیزی بکاتەوە
نە دەشتوانێ لە سەردەمی سەرکەوتنا دەس هەڵبڕێ
قۆڵم لە خۆم نابێتەوە !
ئێستا قۆڵم کراسێکی سووری گەشی لەبەردایە
خوڕخوڕ ئەگری .. دەماریشی وا لە کوڵی پێکەنینا
هەرگیز قۆڵم لێم ون نابێ و لە گەڵمایە .

● * ●

دایکم بە دوو چاوی شین و کزکزەوە
بەم ڕۆژگارە بۆم ئەگری ،
ئیتر مەگرین .. با چاوانی بەو تینەوە کوێر نەبنەوە
ئیتر مەگرین ، دایکم دڵی ڕادەوەستێ
ئای دەردەدڵ چەندە سەختە !
ئیتر بەسە .. دەنگی شۆخە شیرینەکەم دەگاتە لام
دەنگی دۆست و ئازیزانم دەگاتە لام
شەو بو ڕۆشتم .. بەرەبەیان کات ڕاوەستاو خۆر هەڵنەهات
نە گریام و لە گۆمی زامیان هەڵکێشام
دەوروبەرم وشك و برینگ
زەوی لانەی جاڵجاڵۆکە و مشك و مار بوو
ئەوانەی وا پاچ و بێڵیان نابۆ سەرشان

ملی ڕێیان گرتبۆبەر بۆ سەرچاوە
منیش لە گەڵ ئەوانەدا بەڕێوەبووم
ئەگەر باوەڕ بە من ناکەن ،
ئەو کاتەی وا لەت لەت کرام
خوێنم لە خوار گوندێکەوە دارژایە چەمی وشکی نیشتمانم
ئەگەر باوەڕ بە خۆم ناکەن .. لەو گوندانە پرسیار بکەن
لەو کاتەدا ، تاوێ باران بە سەر گیانی سوورما باری
ئەگەر باوەڕ بە خۆم ناکەن ..
قۆڵم و گیانی دابێژراوم گەواهیمن ،
ئەگەر باوەڕ بە خۆم ناکەن .. وەرنە سەیوان
گۆڕی یەکەم ، گۆڕی دووەم ، گۆڕی سێیەم
گۆڕی یەکەم ، ئەوە هاوڕێی دەستە ڕاستمە
گۆڕی دووەم ، ئەو چاومە ، چاوی ڕاستمە
گۆڕی سێیەم ، ئەوەش خۆمم
لە دوورەوە قۆڵم دیارە سەوزبووەو
وەك ئەرخەوانێکی ترە بەو گردەوە
ئەوانەی وا پاچ و بێڵیان هەڵگرتووە
ملی ڕێیان بۆ سەرچاوە هەڵگرتووە
ئەوان دەڕۆن ،
لە سەردەمی ماندوێتیشدا منیان لە بیر ناچێتەوە
جارجار دێنە سەر مەنزڵی ئەرخەوانی سووری قۆڵم
ئەوانە وا لە پاڵ شاخی سەرسەختانا
بنەوانێك بۆ ئەم وەرزە تینوو و وشکە هەڵدەبەستن .

**بەغدا – کەرکووك**
**سەرەتای ساڵی ٩٨١**

# ناتناسن !

**(( بۆ حسێن ))**

"حسێن ، لاوێکی خزمی خۆمە ، لە گوندێکدا کچێکی خۆش دە ویست . دەردی دواکەوتن و کۆت و پێوە ندی کۆمەڵایە تی هە موو رێگایەکی لێ گرت ، بە جارێ شێت و سە رگەردان بوو.کچەکەیان کرد بە خە ڵووز ! ئێستاش بە حسێن دە ڵێن : حسێنە شێت !! "

هە ڕە تی لاویتە و وا هۆزی ئە ندێشەت
کە وتوّتە دۆزەخی خە مە وە
تا ئێستا هیچ کە سێ نەیدیوە ، فرمێسکت بباریّ
وا ئە مرۆ بێدادیی ئە م ناوەی تە نیوە ، خەزانی دیدە تە
جۆگە لە ی فرمێسکت ،
دڵی گشت کچانی گوندەکەت تەڕ دەکات
دە چیتە گردەکەی پشت ماڵ و
هە ر سە یری بە ر ماڵ و سە راوی یار دەکە ی
خە مێکی بێ ئامان لە ناختا خول دەخوات
هە رجارێ بچیتە ئە و گردە ،
سە رلە نوێ کەیلی ئە و لەشەتە بە تەنیا بە سەرتا دەسوتێ
هە ڵدێری ئە و شین و خەمەتە
نیوەشەو دە بێتە هە ورێکی مە لوول و بە سە رتا گڕدەگرێ
ناتناسن .. ئەو خەڵکە ناتناسن !
هە ر ئامان بۆ تیشکی هە تاوی دووچاوی یار دەبە ی
هەر خۆتی گشت رۆژێ گریانی کۆترەکان
*لە زامتا هەڵدەگری و هەر سوژدە ی ئە وینت بۆ ئە وە*
ناتبینن .. وا چاوت لە حەژمەت شیرینا پڕوزا
هە ر خۆتی ، شە و نانوی بویتە تە ئێشکگر
وا بە دیار تروسکە ی ئومێدی خۆتە وە

هاواری هه ناسه ی  سوتاوت ،
فرمێسکی تاساوی تەمەنت ده ڕێژێ
ئه و عه شقەی چڵاوچڵ درەختی تەمەنت دەشکێنێ
ئه و عه شقەی ده تکوژێ ، هه ر خۆ تی
هه ر خۆتی هه ڵوه دای ،
سه را پای باڵاکەت له داخا شه ڵاڵی گریانه
که ده تویست بڕۆی بۆ ماڵی یار، ده رگاکان  له  ڕووتا دادەخران
زه ویش له ژێر پێتا ده له رزی ، ڕێگاکان شەق ده بوون
درەختی گوڵاڵەش چڵانی دەشکان و وشك ئەبوو !
ده لەرزیت ،
لەساڵدا هەرجارێك زستان دێ و ، ڕێ ده کات
له لای تۆ زستانی وەیشومه هەمیشه له گیانتا
کرێوەی تۆف دەکات ،
نه تیشکی روانینێ لەوێوه هه ڵدەکات
ئاگر له خەمنامەت بەربدات ،
نه کەسیش ده زانێ گەردوونی دڵەکەت
شێواوه و شێت بویته ،
شێتێکی به فامی ! ئه و خەڵکه شێت بوونه !

بەغدا ٣/٩٨١

# لە گڕی تووڕەییم مەتۆرێ

مەرەنجێ ،
پەیامی باوەڕی فەرهادیم مەدڕێنە
شیعری خۆم کردۆتە وڵاتت
تۆ چۆن وا بێهوودە  چاوی خۆت لە شیعرم هەڵدەکەی
وڵاتی بێ خاوەن دەشێوێ !
دە فێربە ، لە مێژووی کۆنەوە
لە شیعری ((تەیران))ی ئازاوە ، دە فێربە
((مەچۆرە بەر کۆشکی میران و)) (*)
مەچۆرە سەر شانوی کەسانێ پاش سەماو هەڵپەڕکێ زمانت ببڕن
لەبەر ژێ ی سازێکا مەوەستە پەتك بێ
لە ئێشی نوشوستی مەترسە ، سەرکەوە
گەر کەسێ بیەوێ هەورازێ ببڕێ و
سەر کەوێ بۆ لوتکەی سەربەستی
جار جارێ تەپوتۆز دوو دیدەی لێڵ دەکات
جارجارێ باهۆزی وەیشوومە سەری لێ تێك دەدات
جارجارێ کەڵکەژنۆی لە بەردی ڕێ دەدات .
لە گڕی تووڕەییم مەتۆرێ ،
گەر کچێ دڵی لە ، شووشە بێ ، لە یەکەم سەرسما ووردئەبێ و
دەبێ هەر دانیشێ و بۆی بگری !
سروودی شاعیرێك چۆن دەبێ
بە دەنگی ناسازی ڕۆژگارێ بشێوێ ؟!
چەمی خوڕ چۆن دەبێ
لە بەردەم تاوێری سەر ڕێ دا ڕاوەستێ .

بەغداد ٥/٩٨١

---

( * ) ئیشارەتە بۆ شیعرێکی فەقێ تەیران کە دەڵێ :
ئەز ناچم دیوانا میرا
نابم شاروورێ کۆچك و سەرا .

# ڕەهێڵە

دەمدی بارانی نیوەشەوانی کەناری دیجلە
دەیدا لە پرچی
وشك و ئاڵۆزی کچانی مەست و بزێوی بەغدا
دەمدی بروسکەی سەر ئەو شاخانە
هەوری ڕەهێڵەی شادی دەباراند ،
بە سەر ڕوومەتی یاری شیرینما
دەمدی مەمکۆڵەی بزێوی یارم ،
جارجار پەست دەبوو .. جارجار گەش دەبوو
تریقەی گەرمی پێکەنینەکەی ،
خورپەی خوشبەختی ی پێ دەگەیانم
جار جار باوەشی بۆ دەگرتمەوە
هەر ئەو ڕهێڵە ، جار جار ئەو شۆخەی لێ دەڕەنجانم
بۆ دەبێ ئاوی یەك ڕهێڵەیێ ،
جار جار نم نم بێ ، جار جار لافاو بێ ؟!
ڕەهێڵە بۆیە پیرۆزە لە لام
گە ڵای تۆزاویی درە خت دەشورێ
گوڵی پە ژموردەی باخ تێر ئاو دەکات
کێڵگەی برینگی لادێ ئاو دەدات
تۆزی شە قامی شار ڕادەماڵێ
بە رامەی شادی بە دیاریی دێنێ
بۆ گشت هە وار و کوچە و بە رماڵێ .

بە غدا ٩٨١/٩/١٥

# بڕیـار

شیعره کانم ، وەکو کوّتر دێن و ده ڕوّن
که  پەنجه رەی  هه لّفڕینیان  لیّ داخرا ، یەخسیر کران
نیوه شه ویّ به دیلیّتی گه ڕانه وه ،
هه ر شیعرێکی له بەر دەما بوو به چراو
گه شایه وه  وەك چراخان
به یانیانیّ ، گشت چراکان
کوّبوونه وەی ئه و ڕوّژه یان  برده  مالّی  شیرینه که م
له گه لّ ئه وا بڕیاریاندا :
هه موو شه ویّ  بێنه سەیری نیشتمانی دلّه پەست و غه مگینەکەم .

## پێشوازی

خۆزگە دارێك بام بە سە ر زە نوێر و مێرگی پاراوا شۆڕدە بوومە وە
پە لێكم بە سە ر كوێستان نشینا دوور دوور هە ڵدە كشا
پە لێكیشم بۆ وە رزێر و سە پان لە گە رمە سێرا دە بوو بە كە پر
خۆزگە ڕە زێك بام لە داوێن كە ژی پەنای بێ داڵدان
پە نجەی پێی كچان لە كێڵگەی سینگما ،
مۆری یادێكی تۆخیان جێ دە هێشت .

- لە بە ر با و تە رزە ،
لە هە را و زەنای ئە و ڕێگە دوورە بگە ڕێرەوە
لە ڕێ گوێ هە ڵخە لاوكی ئاخی هەوار نشینان
دە رد و مەینەتی دە گێڕێتە وە
كە گوێت لە سەدای سترانی دۆڵ و شاخ و لێڕ دە بێ
سە ر لوتكە و چە م و درە خت و نزار
قژی خۆیان بۆ ئادە میزادی ڕە تێندراوی
ئاقاری خۆیان بە چەپك دە ڕنن !

* * *

كیژی هە واران لە چیغ دێنەدەر ، خۆزگە دەخوازن
كە پری قەد پاڵان لە خوارتر بوایە ،
بۆ حەسانە وەی كوڕی ماندووی ڕێ
كچێكی شە نگی زێدی زامداری هە ناوی مێژووی
وە ك ئە رخە وان و وە ك ڕەنگی بە فر
وە كو ڕێبواری شە وی كرێوە
سە ودای تروسكە ی ژێر هە وری ڕۆژگار
لە ش بە حەسرەتی تینی ناخی خۆی
زار بە لاوكی دوێنێ و ئەمڕۆكە ئەكەوتە هاوار

به هه لّپه  به ره و  مه نزلّگه  ئه چوو
مه مكوّلّه كانى  له ژێر  كراسى  خوّلّه مێشيا
خوّيان  له  سوخمەی  ئالّی  هه لّئه سوو
پیّ ی نا به جەرگيا و  هه والّی  تالّی  گه ياندە لاوه :

-   له دوور  ڕا ديتم ،
ئه وەی  سه رنجی بوّ به رزی  هه لّخا  له دوور  دياره
پێش  گه ڕانه وەی  توّ له  غه ريبی
ئوّردووی  نه ياران  مالّيان  باركردين
وه كو  ئاورێشم  كه وتينه به ر  بای  ناوەختی  شه وان
له به ر  په يكانی  ئەم  ده ست  و ئەو ده ست
بووينه  بێژنگی  ئه وديو  ده واری  مالّی ئاواران !

سلێمانی ٤/٩٨٤

## هێلانەی نوغرۆ !

**(( شه رت بۆ تا وه ی دەرد دڵەی ته نگه وه**
**سه ر بنیه و وه سای سیا سه نگه وه**
**هه نی پێشانی ڕه نگ وه خه زان ده ر**
**پا ی ئاسانه که ت نه گێڕۆ نه زه ڕ )) .**

مه وله وی . ل ٣٨١

« چاوی خۆمم لێ تووڕەیه
ده ستی خۆمم لێ تووڕه یه
پێستی خۆمم لێ تووڕه یه
شیعری خۆمم لێ تووڕه یه
ئه وه ی ته نها تووڕه نی یه
تووڕه بوونه له گه ڵمدا ئاشنایه
به په نهانی
ده مکا به گژ که نیشکێکی چاو ئاسمانی .

* * *

چی پرسیارمه بێ وه ڵامه
هه رچی ڕازه به نهێنی سکاڵامه
هه رچی شیعری پیرۆزم بۆ چاوی ئه و
ئەو ئێواره ،
له به ر پێ یا هه مووی بووه قه ره برووت ! »

* * *

باڵی حه ز شتێکه وه ك به فر سپیه
کراسی ڕه شپۆشیش شتێکه ،
وه ك ڕه نگی کڵۆکۆی دره ختی دامرکاو
که بوویته خه ڵوەتگه ی هاوار و ناڵینم
کراسی ڕه شپۆشی هه ستی خۆم فڕێ دا

ڕوانینم ، وەك مە لی بێ گوناە باڵی گرت
تووڕەییم وە ك كێوی بە ئارام ڕاوە ستا
بێ هۆشیم لێ تۆرا ،
دە وە نی سە ر چە قە ن
هە روە كو درە ختی سە ربە رزی ڕۆخی چە م كە وتبوّ شنە شن
وامزانی دارێكی لق و پۆپ دەكەیتە هێلانەی ئومێدم
نە مزانی وا زڕ و بێ سێبە ر
شیوە نێك دەكەیتە دە ردی سە ر
سێبە ری درەختی بێ گەڵا وە ك بێژنگ واتانێ
هیچ كەسێ لە پاڵیا ناسرە وێ
باڵداریش جێ ی دێڵێ !

* * *

دوێنێكە پێم ووتی شاخێكی دارستان لە پشتی ، نارِمێی
وا ئە مرِۆ هە رەسی ناوەختەت ناو مێشكی تە نیوم
ئێستاكە دە شتێكی ڕووتەنی گە ردە لوول پڕ چاوی تۆزكردووی
درە ختت بێ موراد وەك بنچك نیشتۆتە سە ر زە وی
سبە ینێت وە ك چاوی نابینا و هێلا نەی ئارامت نوغرۆیە (*)
سە رینی بێ شیعری شە وانەت وەك كوانووی پشكۆیە
ئە م بانگی وە یشوومەت وەك مەرگی ناوەختە
ماڵ وێران ! با گومان لە ڕەگی تێراوو سروودی دڵنیا
بتخاتە سە ر ڕێچكەی بێ ئاوو و لابە لا
دە برِۆ .. پڕ چاوت گومانە
لە مە ولا سە ربدە لە بەردی قەد كە ژی وڵاتێك
سنووری لە پە ڕە ی گیرفاندا پە نهانە .

سلێمانی ٧/٩٨٤

---

* نوغرۆ : خانوویەك رۆچووبێ و بە ناخی زەویدا چووبێ ، وێران .

سوپاس و ریزلێنان

- بۆ ( **محمد** زاده)ی هونەرمەند کە ناونیشانەکانی نووسی .
- بۆ ئەو برا و هاورێ یانەی کە بە پارەی خۆیان ئەم شیعرانەیان بۆ چاپ کردم .
- بۆ ئەو دڵسۆزەی سەرپەرشتی لە چاپ دانی کرد .
- هەموو ئەو برا و دڵسۆزانەی کە ئەرکیان کێشاوە بۆ چاپ دانی ئەم شیعرانە .

---

- ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی هەشەزینی لە ناوچەی سەنگاو لە دایك بوومە.
- خوێندنی سەرەتایی و ئامادەییم لە کەرکووك تەواو کردووە .
- ساڵی ١٩٨٢ (یاسا)م لە کۆلێجی یاساو ڕامیاری زانکۆی بەغدا تەواو کردووە .
- لە رۆژنامەی برایەتی و هاوکاری کارم کردووە و لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکاندا شیعرم بڵاوکردۆتەوە .
- لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنەوە ، سەرو سۆراخم لە گەڵ رۆژنامەو گۆڤارەکاندا پەیدا کردووە ، سەرەتای ژیانم لە دەشت و دەر بناغەی ئەڵهای هونەر و ئەدەبیان رشتووم .

* مارف *

**لە کتێبخانەی نیشتمانی بەغدا دا**

**ژمارە ( ٢٧٩ ) ی ساڵی ١٩٨٥ ی دراوەتێ .**

# العشـــ المتــداعي

« مجمــوعة قصــائد شــعرية »

**مارف عمر گول**

كركوك ـ ١٩٨٥

# THE COLLAPSED NEST

( A Collection of Contemporary Poems )

By :
*MAREF UMAR GULL*

Kirkuk - 1985

---

**نرخى ٥٠٠ فلسه**

مطبعة الحوادث ـ بغداد
هاتف ٤١٥٢٦٨٥